


# بوون و کات

هاشم سەڕاج

«بوون و کات» کتێبێکی بەناوبانگی (مارتن هایدگەر ١٨٨٩-١٩٧٦)ـە، دوکتۆر محەمەد کەمال لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لە هەمان کاتدا پێشەکییەکی تێروتەسەلی لە بارەی فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی و واتای بوون لای هایدگەر نووسیوە، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵ دەدەم لە پێشەکییەکەی دوکتۆر محەمەد کەمال و کتێبی بوون و کات کۆمەڵێک زانیاری لە بارەی هایدگەر و فەلسەفەکەی بخەمەڕوو، مارتن هایدگەر لە شارۆچکەی میسکێرش لە ناوچەی «بادن» لەنێو خێزانێکی کاتۆلیک لە دایک بووە، لە زانکۆی فرایبۆرگ تیۆلۆژی دەخوێنێت، پاشان واز لە تیۆلۆژی دەهێنێت، لە هەمان زانکۆ ماتماتیک و فەلسەفە دەخوێنێت، ساڵی ١٩١٣ لە زانکۆی فرایبۆرگ نامیلکەیەک لەسەر «بیردۆزەی دەستەواژە لە سایکۆلۆژیزم» ئامادە دەکات و دوکتۆرا وەردەگرێت، ساڵی ١٩١٥ نامیلکەیەکی دی لەسەر «بیردۆزەی کاتیگۆرییەکان و واتا لە فەلسەفەی دینس سکۆتس»دا دەنووسێت، لە ساڵی ١٩١٥-١٩١٦ بۆ یەکەم جار لەو زانکۆیە دەبێت بەوانە بێژی فەلسەفە، ساڵی ١٩١٦ هاوڕێیەتی لەگەڵ «ئەدمۆند هۆسەرڵ» دروست دەکات کە لەو زانکۆیە مامۆستا دەبێت و هۆسەرڵ دەیکات بە یاریدەدەری خۆی، لە ساڵی ١٩٢٢ لە زانکۆی ماربۆرگ دادەمەزرێت.

پاش خانەنشینکردنی هۆسەرڵ و لەسەر داواکاری ئەو لە ساڵی ١٩٢٨دا هایدگەر بۆ زانکۆی فرایبۆرگ دەگەڕێتەوە و لە جێگەی ئەو دەبێت بە مامۆستا، لە ساڵی ١٩٣٣ کاتێک نازییەکان دەسەڵات وەردەگرن، هایدگەر دەبێت بە سەرۆکی زانکۆی فرایبۆرگ، بەڵام لەبەر هۆکاری ڕامیاری دوای نۆ مانگ واز لە کارەکەی دەهێنێت، پاش دووەمین جەنگی جیهانی تاکو ساڵی ١٩٥١ هایدگەر وانەبێژی لێ قەدەغە دەکرێت و لەو ساڵەدا جارێکی دیکە، وەک «پرۆفیسۆر» لە زانکۆی فرایبۆرگ دادەمەزرێتەوە، پێوەندی نێوان هایدگەر و هۆسەرڵ، بۆ تێگەیشتن لە بۆچوونە فەلسەفییەکانی هایدگەر گرنگە، سەرەتا هۆسەرڵ هەوڵی نەداوە لە هایدگەر نزیک بێتەوە، تەنانەت نامیلکەی دوکتۆراکەشی بە وردی نەخوێندۆتەوە، بەڵام کاتێک دەبیسێت کە هایدگەر لە دۆگمای کاتۆلیکییەت دوور کەوتۆتەوە، لە هایدگەر نزیک دەبێتەوە و بە یەکێک لە ئەندامە چالاکەکان و داهاتووی بازنەی فینۆمینۆلۆژی

دادەنێت، بەڵام کێشەی نێوان هۆسەرڵ و هایدگەر زۆرتر لەم خاڵەوە سەرهەڵدەدات، هایدگەر لە سەرەتاوە لەگەڵ بۆچوونەکانتییە- نوێیەکانی هۆسەرڵ، کۆجیتۆی دیکارت و خودی بەرز هاوڕا نەبووە، ئەم حاڵەتەش دواجار دەبێت بە هۆکاری تێکدانی هاوڕێیەتی نێوان هەردووکیان، بەڵام هایدگەر لە کتێبی «بوون و کات»دا بە ئاشکرا میتودە فینۆمینۆلۆژییەکەی خۆی لە فینۆمینۆلۆژی هۆسەرڵ جیا دەکاتەوە و بیرکردنەوەی خۆی لە کاریگەری دیکارت و شەپۆلی کانتی- نوێ ڕزگار دەکات، بۆیە کتێبی «بوون و کات» توێژینەوە ئۆنتۆلۆژییەکەی فینۆمینۆلۆژییانە دەخاتە گەڕ، بەڵام فینۆمینۆلۆژییەکەی هایدگەر هۆسەرڵیانە نییە، بەڵکو فینۆمینۆلۆژییەکی بوونگەرانەیە، بابزانین کتێبی «بوون و کات» چۆن دەنووسرێت، هۆسەرڵ داوا لە زانکۆ دەکات، پاش ئەو هایدگەر لە جێگەی دابمەزرێنن، لەبەر ئەوەی هایدگەر ئەوکات هیچ نووسراوێکی لە چاپدراوی نەبووە، دامەزراندنی جۆرێک لە کێشە دروست دەکات، ڕاگری کۆلێژی ئاداب داوا لە هایدگەر دەکات بەرهەمێک لەچاپ بدات، ئەویش داوای ساڵێک پشوو لە زانکۆ دەکات و لە یەکێک لە گوندەکانی نزیک شاری فرایبۆرگ ژوورێک لە ماڵە جووتیارێک بەکرێ دەگرێت و لەوێ کتێبی «بوون و کات» دەنووسێت، هایدگەر لە ساڵی ١٩٢٧ ئەم کتێبە دەنووسێت و ساڵی ١٩٢٨ لە زانکۆ لە شوێنی هۆسەرڵ دادەمەزرێت، هایدگەر لەم کتێبەدا ڕاڤەکردنێکی نوێ بۆ بوون بەگشتی و بوونی مرۆڤ بە تایبەتی ئەنجام دەدات.

هایدگەر لە بوون و کاتدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێت ببێت بە بنەڕەتی هەبووەکان، هەڵبەتە بوون لای هایدگەر بنەڕەتی ئۆنتۆلۆژی هەموو هەبوویەکە، هایدگەر بە دیاریکردنی بوون دەیەوێت بیرکردنەوەی فەلسەفی لە نامۆبوون ڕزگار بکات، بەڵام دۆزینەوەی بوون کارێکی ئاسان نییە، فەیلەسووفەکان لە سەردەمی ئەفلاتوونەوە تا نیتشە ئاوڕیان لە بوون نەداوەتەوە و یەکێک لە هەبووەکانیان بە ڕاستەقینە و بنەڕەت داناوە، ئەفلاتوون «ئایدیاکان»ی بە بنەڕەتی ئۆنتۆلۆژی هەبووەکان لە قەڵەم داوە، ئەرستۆ «جووڵێنەری یەکەم»ی بە بنەڕەت داناوە، لای دیکارت و سپینۆزا «جەوهەر» بنەڕەتی هەبووەکان بووە، دواجاریش نیتشە «ویستی هێز» دەکات بەو سەرچاوە ئۆنتۆلۆژییە، بەڵام لای هایدگەر هیچ هەبوویەک ناتوانێت بەبێ «بوون» هەبێت، بەڵام بوون چ واتایەکی هەیە؟ ئەمە گرنگترین پرسیارە کە لە کتێبی «بوون و کات»دا هەوڵ دەدرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هایدگەر لە ڕێگەی میتودی فینۆمینۆلۆژی هۆسەرڵەوە کە ڕاستەوخۆ پێوەندی نێوان «خود و بابەت» دروست دەکات، درێژە بە توێژینەوەکەی دەدات، هەروەها بوون شتێک نییە لە ئاستی هەستکردن و ئاگامەندیدا دابنرێت هاوکات شتێکی دەرەکی و دووریش نییە، تەنانەت هەستکردن و ئاگامەندیش بەشێکن لە بوون، هەڵبەتە هایدگەر لەم توێژینەوەیەدا بوون دەکات بە بنەڕەتی هەبووەکان، مەبەست لە توێژینەوە ئۆنتۆلۆژییە فینۆمینۆلۆژییەکەیە.

هایدگەر بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون لە هەبووەوە دەست پێدەکات، شیکردنەوەی هەبووەکەش سەرەتا دەبێت بوونگەرانە بێت و ئەم هەبووە دەبێت بە سەرەتای ئۆنتۆلۆژییە فینۆمینۆلۆژییەکە، هەڵبەتە ئەو هەبووە کە دەبێت بە خاڵی دەستپێکردنی توێژینەوەکە، هەبوویەکی ئاگامەندە، مرۆڤە، یان هایدگەر گوتەنی «دازاین»ە، دازاین کە واتای بوون- لێرەدا دەبەخشێت، ئاماژە بۆ بوونی ئاگامەندانەی مرۆڤ لەنێو جیهاندا دەکات، یان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، دازاین وشەیەکی لێکدراوی ئەڵمانییە، «دا- لێرە» و «زاین- بوون» واتە بوون- لێرەدا، هایدگەر ئەم وشە لێکدراوەی بۆبوونی مرۆڤ بەکارهێناوە و لەسەر بنەمایەکی ئۆنتۆلۆژی جیاوازتر لە هەبووەکان دایدەنێت. بەدیدی هایدگەر مرۆڤ هەبووە، یان جەوهەرێکی گیانەکی دیکارتی نییە، بەڵکو بوونێکە لێرەدا... هایدگەر لەم توێژینەوەیەدا دەیەوێت بە تەواوی لە نەریتی دیکارتی یاخی بێت، بۆیە چەمکی -گیان- وەک جەوهەرێکی نەگۆڕ بۆ مرۆڤ کە لای دیکارت کاری لەسەر کراوە، ئەم چەمکە نەگۆڕە بەکارناهێنێت، لای هایدگەر مرۆڤ وەک جەوهەر، یان گیان ناناسرێت، بەڵکو بوونێکە- لەوێدا. لای دیکارت مرۆڤ لە دوو جەوهەری جیاواز «گیان و لەش» پێکهاتووە، هەڵبەتە جەوهەری گیانەکی کە بنەڕەتی ئەم هەبووەکەیە و نەگۆڕە و پاش لەناوچوونی لەش دەمێنێتەوە، هەڵبەتە ئەم بۆچوونە لەبیروباوەڕی میتافیزیکی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە سەرچاوە دەگرێت، دواتر دیکارت لەژێر کاریگەری هەمان بۆچوون لەپێوەندی نێوان دوو جەوهەرەکە دەڕوانێت، مەبەست ئەوەیە لای دیکارت جەوهەری گیانەکی- ڕوحی- نەگۆڕە و هاوشانی گۆڕانکارییەکانی نێو لەش ناڕوات، خەسڵەتی نەگۆڕ لێرەدا کە بۆ جەوهەری گیانەکی دانراوە،

ئامـاژەیە بۆ پڕی و تەواوکـۆیی، ئەم جەوهەرە، بوونێکی پڕ و تەواو کۆیە نەک ناتەواو و هەژار بێت، یان پڕ بێت لە کـونوکـەلەبەر و کـەلێن و بۆشـــــایی، واتە لای دیکارت جـەوهەری گـیـانەکی وەکـو خـۆی دەمێنێتەوە و پێویستی بە گۆڕان نابێت، فۆرمە هەمەکییە بەرزەکانی ئەفلاتوون و جوولێنەری یەکەمی ئەرستۆ، پڕ و تەواو کۆن، لەبەر ئەمە هیچ گۆڕانێک تێیاندا ڕوونادات، چونکە پێویستیان بە کردەی پڕ کردنەوە نییە، چونکە پڕ و تەواو کۆن، هەڵبەتە جەوهەری نەگۆڕی گیانەکی کە لای دیکارت بە بنەمای بوونی مرۆڤ دادەنرێت و دەبێتە بناغە بۆ دامەزراندنی ناسنامەی مرۆڤ، بێ گومان ئەم جەوهەرە نەگۆڕەی کە دیکارت کاری لەسەر کردووە، لە بواری فەلسەفەدا، لەلایەن چەندان بیریار ڕەخنەی لێ گیراوە، بۆ نموونە جۆن لۆک و دەیڤید هیـــوم لەم ڕووەوە ڕەخنەیان لە دیکارت گرتووە.

«نیتشە»ش بە هەمان شێوە بوونی سەرچاوە میتافیزیکییەکەی جەوهەری گیانەکی بۆ مرۆڤ ڕەت دەکاتەوە، دواجار هایدگەر چەشنی نیتشە ئەم نەریتە دوالیزمە میتافیزیکییەی جەوهەری گیانەکییە هەڵدەوەشێنێتەوە و بەشێوازێکی فینۆمینۆلۆژی و بوونگەرانە بوونی مرۆڤ شی دەکاتەوە، هایدگەر دەڵێ: جەوهەری مرۆڤ لە بوونیدایە، یان جەوهەری مرۆڤ شتێکی نادیار و شاراوە نییە، بەڵکو خودی بوونە، مرۆڤ ئەوەیە، کە هەیە و بە کەمی و ناتەواوییەوە پەیدا بووە و بەردەوام هەوڵی پڕ کردنەوەی کەمییەکە و گەیشتن بە تەواو کۆیی دەدات، لە ڕێگەی پرۆژە دانان و هەڵبژاردنەوە سەربەستانە دەیەوێت بوونی خۆی پڕ بکاتەوە، لێرەدا بابەتی بۆشایی و بۆشایی نێو بوونی مرۆڤ، قوتابخانەی کونستانس و تیوری وەرگرتن و بیروبۆچوونی بەناوبانگترین بیرمەندانی ئەو قوتابخانەیەم بیر دەخاتەوە کە بریتی بوون لە «هانز ڕۆبرت یاوس» و «فولفغانغ ئایزەر» بە تایبەتی بیروبۆچوون و ڕوانینی ئایزەر لە کردەی خوێندنەوەدا بۆ دەق، مەبەستم ئەوەیە لای ئایزەر دەق کۆمەڵێک بۆشایی تێدایە، ئەم بۆشاییانە هانی وەرگر دەدەن بۆ پڕکردنەوەیان، واتە وەرگر لە ڕێگەی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەوە واتا و هزرگەلی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنێت، هەڵبەتە بابەتی بوونی بۆشایی نێو دەق گرنگترین پێوەندی لەنێوان دەق و وەرگردا دروست دەکات و هەر لەم خاڵەوە لای بیرمەند و ڕەخنەکارانی ئەدەب جۆرەکانی خوێنەر پۆلێن دەکرێن، بۆ نموونە لای ئایزەر، خوێنەری ناوەکی، لای ڕۆلان بارت، خوێنەری هیدونی «شەهوانی» لای میشیل بیکارد، خوێنەری یاریزان، لای ئیمبرتۆ ئیکۆ، خوێنەری نموونەیی، لای هانس، مێژوویی، لای جاک دریدا، خوێنەری هەڵوەشێنەر...تاد.

ئێستا دووبارە دەگەڕێمەوە لای هایدگەر و لە لایەنەکانی دیکەی بوون دەدوێم، مرۆڤ بوونە- لەوێدا «دازاین»ە لەنێو جیهان و لەگەڵ کەسانی دیکەدا، بوونێکە فڕێ دراوەتە ئێرە و کەوتۆتە نێو کەسانی دیکەوە و پێویستە لە ڕێگەی پرۆژەکانییەوە خۆی پڕ بکاتەوە، لێرەدا هایدگەر لە بوونی ڕەسەن و بوونی نارەسەن دەدوێت و لە پرۆژەی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی خۆیدا وەک ڕاستەقینەیەکی ئۆنتۆلۆژی واتای بوونی ڕەسەن لە واتای بوونی نارەسەن جیا دەکاتەوە، ئەگەر هاتو دازاین توانی سەربەستانە بڕیار لەسەر پرۆژەکانی بدات و کەسانی دیکە، یان «ئەوان» کە لەگەڵیاندا دەژیت، بڕیاری بۆ نەدەن و سەربەستییەکەی داگیر نەکەن، ئەوکاتە دازاین ڕەسەنانە دەژی و لەسەر سەر بەستییەکەی خۆی سوور دەبێت، بەڵام ئەگەر «ئەوان» بوونی داگیر بکەن و لەجیاتی ئەو بڕیار بۆ پڕکردنەوەی خود و پرۆژەکانی بدەن، ئەوکاتە دازاین نارەسەنانە دەژی، بۆیە لای هایدگەر دازاینی ڕەسەن سەر بەستە و نارەسەنیش نامۆ کراوە، سەرەتا ئاماژە بەوە درا کە دازاین جەوهەرێکی گیانەکی و نەگۆڕ نییە، هەڵبەتە بەپێی میتودی فینۆمینۆلۆژی بوون، یان بوونی هەر شتێک بەو شێوەیە دەناسرێت کە دەردەکەوێت، یان بەو شێوەیەی کە خۆی دەردەخات، پاشان ناوەرۆکەکەی دەسنیشان دەکرێت بەپێی ئەم میتودە دەبێت بوونی مرۆڤ بەو شێوەیەی خۆی دەردەخات شی بکرێتەوە، تاکو مرۆڤیش نەبێت، باسی بوونی ناکرێت، لێرەدا ئەو میتودەی هایدگەر پراکتیزەی دەکات، میتودی فینۆمینۆلۆژییەکی بوونگەرانەیە، کەواتە مادام جەوهەری مرۆڤ لە بوونیدایە، بوونیشی کەم و ناتەواوە و بەردەوام هەوڵی لەناوبردنی کەمییەکەی دەدات، ئەوا پێناسەی ئەم هەبووە لەوێدا دادەمەزرێت، چونکە مرۆڤ بوونێکە لەوێدا، مەبەستی هایدگەر لە واتای «لەوێدا» ئەوەیە بوون- لەوێدا، بوونە لە نێو - جیهان- لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

لێرەوە هایدگەر کۆمەڵێک خەسڵەتی دازاینمان پێ دەناسێنێت، بەڵام لەهەموویان لەپێشتر چەمکی تێگەیشتنە، ئەگەر مرۆڤ هەبێت پێویستە بە تێگەیشتنەوە بژی، ئەم خەسڵەتە دەکەوێتە سەر بوونی مرۆڤ لەنێو- جیهان-دا هەڵبەتە

تاکو مرۆڤ لەنێو جیهاندا پەیدا نەبێت بە تێگەیشتنەوە ڕوو لە هەبووەکان و دەوروبەری ناکات، دوکتۆر محەمەد کەمال لەم پێشەکییەدا کە لە بنەڕەتدا توێژینەوەیەکە بۆ فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژی هایدگەر و خەسڵەتەکانی دازاین.. ئاماژە بە بەوە دەدا کە هایدگەر خەسڵەتەکانی بوونی دازاین بە «کاتیگۆری» ناو دەبات، چونکە کاتیگۆرییەکان بوونی بابەتەکانی دیکە وەک درەخت، مێز وەسف دەکەن، بەڵام بۆ ناسینی بوونی مرۆڤ ناجۆرن، لە ڕوویەکی دیکەوە خەسڵەتەکانی بوونی مرۆڤ لە مرۆڤ دانابڕێن، بۆیە دوکتۆر محەمەد کەمال بەپێی ڕوانینی هایدگەر بۆ خەسڵەت و پێوەندییەکان، بۆ خەسڵەتەکانی دازاین پێشمەرجی ئۆنتۆلۆژی دیاری دەکات، کەوابوو «بوون- لەنێو- جیهان دەبێت بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بۆ دازاین و خەسڵەتێکیشە فینۆمینۆلۆژییانە دەدۆزێتەوە، هەروەها بوون لەگەڵ کەسانی دیکە دەبێت بە پێشمەرجێکی دیکە بۆ بوونی، هەروەها بوونی دازاین لەنێو جیهاندا لە بوونی -مێزێک- جیاوازە، چونکە بنیادی ئۆنتۆلۆژی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی دازاین خاوەنی جەوهەرێکی نەگۆڕ نییە، بەڵام مێزەکە جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە و لەوە زۆرتر بەچی دیکە نابێت، بەڵام دازاین بە پێچەوانەوە هەمیشە هەوڵ دەدات کەمییەکەی خۆی لەناوبەرێت و کەلەبەر و بۆشاییەکانی نێو بوونی پڕ بکاتەوە، بۆیە دازاین هەمیشە ڕوو لە داهاتوو دەکات و پێش بوونی خۆی دەکەوێت، بەڵام مێزەکە لە داهاتوو بەدەرە، چونکە بوونێکی وەستاوی هەیە، لەهەمان کاتدا بوونی دازاین لەنێو جیهاندا ئاگامەندانەیە، بەڵام مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا کە دەردەکەوێت، بوونەوەرێکی نیگەرانە، نیگەرانی مرۆڤ لای هایدگەر پێوەندی بە مەرگەوە هەیە، هەروەها بە دیدی هایدگەر هەموو کردەوەیەک جۆرە زانینێکی لەگەڵدایە، لەبەر ئەوەشە هایدگەر بوونی مرۆڤ دەکات بە خاڵی دەستپێکردن بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون، لێرەدا دوکتۆر محەمەد کەمال پێی وایە ئەم شیکردنەوەیە بوونگەراییە بۆ بۆوونی مرۆڤ ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بە ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی، مەبەستی ئەوەیە لەواتای بوونی مرۆڤەوە بە واتای بوون بەگشتی دەگەین، یان لە بەشێکەوە «هەموو»مان دەست دەکەوێت، ئەمەش توێژینەوە فینۆمینۆلۆژییەکە دەکات بە هێرمینیوتیکی، شیکردنەوە بوونگەراییە- فینۆمینۆلۆژییە- هێرمینۆتیکییەکە دەبێت بە پێشەنگی دامەزراندنی ئۆنتۆلۆژی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە واتای بوون، بەڵام هایدگەر پێی وایە دواجار هەموومان لەنێو پێشمەرجی نیگەرانیدا کۆ دەکرێینەوە، یان بە شێوەیەکی تر، مرۆڤ بە نیگەرانییەوە لەنێو جیهاندا دەژی و مامەڵە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەکات، یان ئەوە نیگەرانییە مرۆڤەکان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، هەڵبەتە ئەم دەربڕینە ئۆنتۆلۆژییەی هایدگەر گەڕانەوەیە لە دوورگە دوور و نامۆکانی میتافیزیکەوە بۆ ئۆنتۆژلۆژی، یان ناخی بوون، یان شۆڕشێکی ئۆنتۆلۆژییە بەرانبەر بە نەریتی میتافیزیکی ئەفلاتوونی، لە هەمان کاتدا شۆڕشێکە بەرانبەر بە جەوهەری نەگۆڕ و گیانەکی دیکارت، بەڵام دازاین لەنێو جیهاندا هەمیشە گرفتاری نیگەرانی مەرگە، لەبەر ئەوەی جەوهەری نییە و بوونە، بەردەوام دەیەوێت بۆشاییەکانی نێو بوونی لە ڕێگەی پرۆژەکانییەوە پڕ بکاتەوە، دواجار «مەرگ» دێ و سەرجەم بۆشاییەکانی نێو بوونی پڕ دەکاتەوە، بەم پڕکردنەوەیە بە تەواوەتی بە تەواو کۆیی دەگات و دواین واتا بە بوونی دەبەخشرێت- ئەم خوێندنەوەیە کارکردنە لەنێو توێژینەوەکەی دوکتۆر محەمەد کەماڵ کە لەژێر ناوی «پێشەکی وەرگێڕ» بۆ کتێبی «بوون و کات»ی «مارتن هایدگەر»ی نووسیوە، من هەوڵم داوە پوختەی توێژینەوەکە بە هەمان زمانی وەرگێڕ کورتی بکەمەوە و هێدی هێدی گەشتە ئۆنتۆلۆژییەکەی دازاین بخەمەڕوو، لەدوا لاپەڕەشدا بە ڕاشکاوی لە چەمکی نیگەرانی و کردەی مەرگ دواوم کە لای هایدگەر پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە فەلسەفەی ئۆنتۆلۆژییەوە هەیە، هەروەها لە شوێنێکی دیکەی ئەم خوێندنەوەیەدا بۆشایی نێو- دەق-م بە بۆشایی نێو بوونی مرۆڤ چواندووە و تۆزێ لە پێوەندی نێوان دەق و وەرگر دواوم و بە کورتی ئاماژەم بۆ جۆرەکانی وەرگر- خوێنەر- داوە کە بەپێی ڕوانینی بیرمەند و ڕەخنەکاران جۆرێک پۆلینکارییان بۆ کراوە، لەکۆتاییدا دەڵێم: دوکتۆر محەمەد کەمال بە وەرگێڕانی کتێبی «بوون و کات»ی مارتن هایدگەر شاکارێکی دەگمەن و دانسقەی فەلسەفی پێشکەش بە خوێنەری کورد دەکات.

**سەرچاوە:**
**ناوی کتێب: بوون و کات**
**نووسەر: مارتن هایدگەر**
**وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال**
**دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.**
**چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٣**
**چاپخانەی - سەردەم- سلێمانی- کوردستان.**